www.kurdistannet.org
16-7-2006 16:25 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەوە ڕوونكردنەوەیە یان پۆشین، كە كوردستانپۆست بۆ جەزا چینگیانیی دەكەن؟ ... خوێنەرێكی بەردەوامی كوردستاننێت

كوردستانپۆست ویستوویەتی ئەوە بۆ جەزا چینگیانی بپۆشێت، كە لە نووسینێكیدا بەناوی خوازراوی (ئازاد عەلی) ەوە بە خۆیدا هەڵداوە و كەسانی دیكەی شكاندووە. نووسیویانە (ئێمە وەك ئەمانەتی ڕۆژنامەگەریی بە هەموو لایەكی ڕادەگەیەنین، ئەو كەسەی ناوی "ئازاد عەلی"ی لە خۆی ناوە، پێوەندییەكی بە جەزا چنگیانییەوە نییە و یەكێك لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی كوردستانپۆست لە نزیكەوە ئەیناسێت، كە پێش بڵاوكردنەوەی ئەو نووسینە، خۆی داوای كرد بەو ناوەوە بۆی بلاوبكەینەوە) .

ئێمەش دەڵێین ئەو كەسە كێیە؟ بۆچی نووسینەكەی چ مەترسییەكی تیایە هەتا بەناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە بلاوی نەكاتەوە؟ ئایا پێشتر بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە بەرهەمی بڵاو كردۆتەوە؟ كەواتە چ جەزا و چ كوردستانپۆستیش دانیان بەوەدا ناوە، كە ئازاد عەلی ناوێكی خوازراوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەیانەوێ بڵێن جەزا نییە. ئەمە ئەمانەتی ڕۆسەنبیرییە یان خۆڵكردنە چاوی خوێنەر؟ ئینجا دەنووسن: (ئەوانەی شارەزا و خوێنەری بە سەلیقەبن دەزانن شێوازی ئەو نووسینە هیچ لە شێوازی نووسینەكانی جەزا چنگیانییەوە خۆی نزیك ناكاتەوە) .

بێگومان جەزا وای نووسیوە، كە لە نووسینەكانی پێشووی نەچێت، بەڵام ڕێنووسەكەی هەمان ڕێنووسی جەزایە، كە ناتوانێ جیاوازی لەنیوان ناو و ئاوەڵفرمان و كرداردا بكات.

كوردستانپۆست ئامۆژگارییمان دەكەن و دەڵێن: (تكایە با لەمەودوا بە ئینسافەوە ئەو بەرێزانە بابەت و نووسینەكان هەڵسەنگێنن و كوێرانە حوكم نەدەن بە سەر هیچ كەسێكدا) .

ئێمەش دەڵێین هەر كاتێ بە بەڵگەوە سەلماندتان، كە ئازاد عەلی و جەزا چینگیانی یەكێك نیین، ئەوسا ئێمەش كوێرانە حوكم نادەین. ئەگەر ئەوە ڕێككەوتن نییە لەنێوان كوردستانپۆست و جەزادا با یەك بەڵگەمان بۆ بهێننەوە، كە قسەكانیان ڕاستن.

چۆن جەزا ئەو ئازاد عەلییە ئەگەر بوونی هەیە، ناناسێ؟ خۆ ئیمەیلی جەزا لەگەڵ هەموو نووسینەكانیدا بڵاو دەكرێتەوە. چۆن یەكێك جەزا بە گەورەترین نووسەری كوردی بزانێ و تەنها بەدوای بەرهەمەكانی ئەوەوە بێ، ڕۆژێك لە ڕۆژان پێوەندییەكی پێوە نەكردووە؟

هیوادارم كوردستانپۆست وایان نەزانیبێ خوێنەر ئەوەندە گەمژەیە بەو قسانەیان باوەڕ دەكات. با جەزاش دڵنیا بێ، كە ئەو فێڵەشی سەری نەگرت. نازانم ئەو نوكتەیەی بیستووە یان نا، كە دەڵێ هەر دەستت لێ نەدابووایە، باشتر بوو.

ئەگەر ئازاد عەلی جەزا چینگیانی نەبووایە، ئەوە پەنایان بۆ ئەو شێوازە سووكە نەدەبرد و بە شێوەیەكی دیكە دەهاتنە دەنگ.